# پیاوی سێبەر

هۆشەنگ ، 2007/2/19



**پێشکەشە بە سێبەر خان ( نیاز )**

**کە سێبەری ژیانت ون بوو**
**من کائینێکم پڕ لە سێبەری ئارامی**
**پڕم لە سێبەری هەتا و هەنار**
**لە سێبەری هەناسە و سێبەری شەوبۆ**
**پیاوێکم لە سێەر**
**ڕێگەکانم پڕن لە سێبەری شعر و سەفا**
**پڕن لە تامی سێبەری لیمۆ و کوریکەکانی بەهار**
**وەرە سێبەرخان**
**بە پەپولەکان بڵێم سێبەر بۆ چاوت هەڵخەن**
**وەرە بە لێوەکانم ئەڵێم با سێبەر بکەنە سەر هەناسەت**
**بە برژانگەکانم سێبەر بۆ چاوانت دائەبەستم**
**بەو دە پەنجانەم نایەڵم هەتاو لە سینگت دات**

**من پیاوێکم لە سێبەر**
**ئەتوانم لە هەیوانی باوەشمدا هەڵتگرم تا نسێترین هەناسەی خۆم**
**ئەتوانم تا تامی تێنووترین سێبەری لیمۆ تەنك تەنك سێبەرم بڕژێنمە سەر پەرچەمە ڕەشەکانت**
**وەرە من لە سێبەری مندا هیچ هەناسە نادا، تەنیا ئەودڵ و شعر و تریفەی جگەرەکەم نەبێت**
**وەرە تۆش سێبەریێ بکە بەسەر حەرفێکی نابووتی من و**
**لە ساتێکدا با دەرچم لە بەرگی پیاوی سێبەر**
**من حەز ئەکەم هەتاو لێمدات .. هەتاوی پەنجەکانت**
**من حەز ئەکەم هەناسەیەك بمسوتێنێت .. هەناسەی وشەکانت**

**ئیدی وەرە با لەو سێبەرستانەدا حەکایەتێك لە حەکایەتەکانی هەنار بنووسینەوە**
**چیرۆکێك لە چیرۆکەکانی تریفە بکەینە گوڵ بۆ ئەستێرەکان**

ژیان کورتە وەك سێبەری کوریکەیەك لەسەر چاوتدا

وەك سێبەری پەنچەیەکم لەسەر برژانگتدا

وەك سێبەری شعرێکم لە گلێنەتدا

وەرەو با لە ناو سێبەرمدا بۆ ئەبەد خۆت و هەناسەت بپێچمەوە

وەرە من پیاوێکم لە سێبەر

ئەی ژنی هەتاوێکی رەش